Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الارتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

# Poetic advocacy and documentary as a model

# Asiry ( 1895 – 18l6l1963) for example

# ڕیکلام و دوکیۆمێنتاری نەتەوایەتی

# ئەسیری (١٨٩٥ـ ١٨/٦/١٩٦٢) بە نمونە

ث.ی.د. بێستون عادل علی

ایمیل: Bestongle@uokirkuk.edu.iq

پ.د.ئازادعەبدولواحیدکەریم

ایمیل: dr.azad1964@uokirkuk.edu.iq

## پێشەکی

شیعری "نەتەوایەتی" لە میانە ی ریکلام و بانکاشە بۆ کردنە وە ، یەکێکە لە شیعرە تایبەتییەکانی ئەدەبی کوردی، بە تایبەتی لە شیعرو گۆرانییە کوردییەکاندا زۆر بەکار هاتووە. بەشيَوەیەکی گشتی شیعری "نەتەوایەتی" لە زمانی کوردی واتا پابەندبوونی کەسێک بە هەستی نەتەوایەتی ، یان بە فەرمیتر پابەندبوون بە هەستی نیشتمان و خاک — کە بە شێوەیەکی عاشقانە و هەستیار دەردەکەوێت بە تایبەتی ئەطەر لە میانەی ریکلامەوە بانکاشەی بۆ بکريَت ، تەنانەت لەلای ئە و شاعیرانەی کە لە شیعرە کانیاندا هەستی نە تە وایە تی بە رجە ستە دەکەن.

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

کۆدی ووشه: ڕیکلام – نه ته وه – دۆکیۆمێنت

**هۆکاری هه ڵبژاردنی بابەته که:**

ئەم لێکۆڵینەوەیەش هەوڵدانێکە بۆ خستنەڕووی ئەو بابەتە شیعرییانەی لە فەلسەفەی شیعری ئەسیری دا بەرجەستە کراون.

**گرنگیی بابه ته که:**

گرنگیی بابه ته که له وه دایه که تیشک ئه خاته سه ر لایەنێکی گرنگ له شیعرو ڕێکلامی شیعری و هه ستی نه ته وایەتی له لای ئه سیری.

**مێتۆدی نووسینه وه ی بابه ته که:**

له نووسینه وه ی بابه ته که ڕێبازی ( وه سفی – شیکاری ) به کار هاتووه.

**سنووری بابه ته که:**

سنوری بابه ته که له چوارچێوهی ڕێکلامی شیعری و بنه ماکانی هه ستی نه ته وایةتی دةكۆڵێتةوه ، بةتايبةتی لة بواری ريكلام كردن بۆ هةستی نةتةوايةتی يان بۆ سةرنج راكيشانی كةسانيك بۆ شوينيكی طةشتياری يان كۆمةلأيةتی يان هةر بابةتيكی تر كة ثةيوةست بيت بة بيری نةتةوايةتی.

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

**ڕیزبەندیی بابەتەکە:**

ناوەرۆکی باسەکە پێکهاتووە لەە بابەتلنەی خوارەوە:

بەشی یەکەم:پاری یەکەم: گوتاری شیعر و زمانی گۆڕاو:

پاری دووەم:قۆناغەکانی گۆڕانی زمانی گۆڕاوو پەیامی بەرجەستەیی:

١ -قۆناغی فیکری و دە ستە بە ر بوونی گوتاری شیعری:

پاری سێیەم:جۆرەکانی ڕیکلام لە ئەدەبی کوردیدا:

پاری چوارەم:ئەسیری و دۆکیۆمێنتاریی مێژوویی:

بەشی دووەم:پاری یەکەم:ئەسیری: لەنێوان ئایدیای ئایینی و پان – ناسیۆنالیستیدا:

پاری دووەم:ڕێکلام : وەکو ژێدەرێک بۆ بانگاشەی نەتەوایەتی:

پاری سێیەم:ئەسیری : ڕێکلام بۆ ناسنامەی ژن و سەلماندنی مێیینە

**بەشی یەکەم:**

**پاری یەکەم: گوتاری شیعرو زمانی گۆڕاو:**

پاش ئەو گۆڕانکارییانەی لە سیستەمی فەلسەفەی سیاسەت و ڕەوتی ئایدیۆلۆژیی گەلانی ڕۆژهەلاتدا ڕوویدا ، قۆناغی نوێکردنەوە لە شیعری کوردیدا، بە هۆی چەند ڕەگەزێکی ڕۆشنبیری

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

وسیاسییەوە سەری هەڵداو بەرەبەرە لەگەڵ خواست و گۆڕانکارییەکانی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کورددا پەرەی سەند . شاعیرانی ئەو قۆناغە ڕوویان لە وەرگرتن و چاولێکردنی ئەدەبی بیانی کرد . بەو پێیە بازنەی ڕۆشنبیری وفێربوونی شێوازی نوێی شیعر نووسینیان تا دەهات فراوانتر دەبووەوە . هەروەها نمونە شیعرییە بیانییەکان و دەرورووپشتیش کاریگەرییان بە سەر شیعری کوردیدا سەپاند.شیعری نوێی کوردی هاوتای ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵ بووبوو . هەروەها شێوەیەکیش بوو لە شێوەکانی وشیاری و زمانی داهێنانی فیکری و طةیاندنی طوتاریکی تازة کة لةطةلرةوتی طؤرانکارییةکانی سةردةم بطونجی ومةبةستی شاعیرانیش لةو رةوتة تازةیةو زمانی طؤراوة ، بةرجةستةکردنی بیریکی نةتةوایةتي بوو ،لة سي لایةنةوة:

1- لةضوارضیوةی طةیاندنی ثةیامیك كة تیكةل بة طوتاریكی بنةرةتی بوو.

2- لة ضوارضیوةی ریكلامیكی تذیي شیعرییةت .

3- دةقیكی لة بازنةی طوتاریكی شیعری،تاكو سةرنجی خوینةر بةلای خؤیدا رابكیشیت.

لە زاراوەسازیی ڕەخنەی ئەدەبیدا، زاراوەی گوتار پێناسەو بۆچونێکی تەواوی سەقامگیری بە خۆیەوە نەبینیوە . وێرای پەیوەندی لەگەڵ هاوتەریبی ئاخافتنی لە سنوورێکی بێ هەمبەردا . زاراوەی گوتار زاراوەیەکی ڕەخنەیی نوێیەو بەرامبەر بە هەردوو وشەی(Discours)و(Diocurse)زمانی ئینگلیزی و فەرەنسییە.بەڵام زۆرجار هاوکات لە گەڵ زاراوەی (تێز) و (وتار) و (وانەبێژی) و (نامە)شدا دێت ، کە لەگەڵ زاراوە فەلسەفییەکەی هێگڵدا لە سێینەیەکی ناسراودا یەکدەگرێتەوە .

لە سەرجەم ئەو بۆچوونانەی سەبارەت بە گوتار خراونەتە ڕوو دوولایەن دەگرنەوە:

لایەنی یەکەم:(داهێنانی ئەدەبی)یە ، کە دەق وەکو بەرهەمێکی ئەدەبی ناوزەد دەکات وبەرامبەر بە گوتاریشی دادەنێت. بەو پێیەش شیکارییەکی بونیادگەری و فۆرماڵیستییانە بۆ دەق دەکات بەوەی کە دەق بەرهەمێکی داخراوەو بنەما زمانەوانیەکانی دەکات بە مەرجی بەرهەمهێنان.

لایەنی دووەم: جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە ، کە گوتار لە بنەڕەتدا نامەیەکە (message) ئامانجی گەیاندن و پێڕاگەیاندنە(Communication) ، کە کار لە کەسی دووەم-پەیاموەرگر – دەکات. بەڵام زۆربەی ڕێبازە ڕەخنەییە بوونیادگەرییەکان پشتیوانی لە لایەنی یەکەم دەکەن بەوەی کە گوتاری ئەدەبی دەقێکی داخراوە . ڕفاتیر دەڵێت ((دەقی شیعری ،پەنا ناباتە بەر مانای دەرەکی ،کە لە سایەیدا ڕاستی و درۆیی بسەلمێنی.چونکە واتای ناوەکی هەیەو ڕاستییەکانی تێدا دەردەکەوێت . لە ڕێگای زمانیشەوە زمانێکی تر لە دایک دەبێت )) مفتاح ، ص 11.

هەندێک لە ڕەخنەگران پێیان وایە، کە پابەندنەبوون بە کێش و ریتم لە ئاستەکانی هێمای شیعری کەم دەکاتەوە ، بەتایبەتی لە شیعری ریکالام ، بەو مانایەی کە شاعیر ناتوانێت مەبەستی تەواوەتی ئایدیاکەی بگەیەنێت ، بەڵام ئەرکی شیعر تەنها گواستنەوەی بیر نییە، بەڵکو گەیاندنی (مەبەستە ڕۆحییەکانە)،لەوڕوانگەیەوە شیعرییەت بریتییە لە دەسەڵاتی شاعیر لە بەرجەستەکردنی ئەزمونەکەی لە چوارچێوەی پێکهاتەیەکی ئیستاتیکیی کاریگەردا ، ئەو دەسەڵاتە شیعرییەش زۆر بەڕوونی لە فەلسەفەی شیعری بێخوددا دەبینرێت ، بۆنمونە کە وتوویەتی:

بەپێی بۆچوونەکانی ئەرەستۆ ، هەر گوتارێکی شیعری دەبێت ئامێتەی خەیاڵ بێت ، بەوەش ئاماژە بە ڕۆڵی خەیاڵ دەکات لە خواستنی ئەو دەستەواژانەی کە شیعرییەت بە دەق دەبەخشن، لەسەر ئەو بنەمایەوە شیعرییەت لە هەموو دەقێک بەدی ناکرێت ، با کێش و سەرواداریش بێت، بۆیە گوتوویەتی: (زۆر لەو ئاخاوتنانەی کەپێیان دەگوترێت شیعر،هیچ شیعرییەتێکیان تێدا نییە، تەنها لە کێشەکانیاندا نەبێت، بۆ نمونە ئاخاوتنە کێشدارەکانی "سۆکرات" وگوتەکانی "ئەنبادکلیس" سەبارەت بە سروشت شیعرییەتیان تێدا نییە، بە پێچەوانەی شیعرەکانی "ئۆمیرش"ەوە، کە شیعرییەتیان تێدایە).

جاسم، شعرية ، ص 25

هەندێک ڕەخنەگران جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە ، کە شێوازی بەرجەستەکردنی زمان لەڕووی گوتارەوە، دەقی شیعری لە دەقی پەخشان جیادەکاتەوە، لەمیانەی بەکارهێنانی بابەتەکانی (گەیاندن ، پروپاگەندە ، ئاراستەکردن).

بە شێوەیەکی گشتی، مەبەست لە شیعرییەتی هەر دەقێکی ئەدەبی ، ناساندنی ئەو پێڕەوە زانستی و هونەرییانەیە ،کە پرۆسەی داهێنانی ئەدەبی ئاراستە دەکەن ، بە مانایەکی تر شیعرییەت ( ئەو یاسایەیە کە چوارچێوەیەک بۆ گوتاری ئەدەبی دادەنێت ، بەو مانایەی کە هەوڵ دەدات تیۆرێکی گشتی بۆ ئەدەب دابنێت ، بەوەی کە ئەدەب هونەرێکی لەفزییەو بە ئاراستەیەکی ئەدەبی ، یاساکانی گوتاری زمانەوانی دادەرێژێتەوە) ناظم، ص9.

به مەبەستی ناساندنی شیعرییەت، ڕەخنەگران چەندین چەمکی نوێیان داهێناوە، بەڵام هەتا کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم ، میتۆدێکی ڕوون سەبارەت بە شیعرییەت نەبوو ، هەتا فۆرماڵیستە ڕووسیاییەکانی وەکو ( باختین و تۆدۆرۆف و یاکۆبسن ) ، هەوڵیان دا وەکو دیاردەیەکی ئەدەبیی مامەڵە لەگەڵ دەقدا بکەن، لەمیانەی ئەو نوسینانەوە ( لە چوارچێوەی پۆلین کردنی بابەتدا ، دەق بە بەرهەمێکی ئەدەبیی تاک لایەنی ناژمێردرێت ، بەڵکو وەکو پرۆسەیەک لە سەرجەم لایەنەکانی تری پێکهاتەی دەق ڕێک دەخرێت. التميمى،112.

ڕەخنەگران هەوڵی ئەوە ئەدەن کە لەمیانەی چەند پێوەرێکی تیۆرییەوە شیعرییەتی دەق بخەنەڕوو ،تاکو بتوانن دەقی شیعری لە ناشیعری جیا بکەنەوە ، بۆ ئەو مەبەستەش ( زمان ) یان بە بنەمایەکی سەرەکیی شیعرییەت دانا، ڕەخنەگرە فۆرمالیستەکان دەست پێشخەر بوون لە بۆچوونەکانیاندا سەبارەت بە شیعرییەتی دەق ، تۆدۆرۆف لەو بارەیەوە وتوویەتی:( لە سەدەی بیستەمدا ، فۆرمالیستەکان زیاتر لە نوسەرانی سەدەی شانزەهەم نزیکتر بوون لە گیانی کتێبی (شیعرییەت) ەوە، چونکە ئەوان کارەکانی ئەرەستۆیان تەواو کرد، بەوەش ئامێتەیەکی سەرکەوتوویان لە سەرجەم ئاراستەکانی (تیۆری ئەدەبی ) ی ئەو کاتە پێکهێناو تیۆرێکی نوێشیان داهێنا) . تودوروف، 14.

لەلایەکی ترەوە ، دەشێت (ئەرکی شیعر) لەمیانەی کاریگەری لە دەقی ئەدەبیدا دەستنیشان بکرێت ، هەرچەندە ئەرکی شیعر وەکو بابەتێکی ئەپستراکتی ڕۆڵی خۆی دەبینێت، بەڵام سەرباری ئەوەش پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ڕەگەزەکانی تری پێکهاتەی دەقی شیعریدا هەیە ،

لەبەر ئەوە سیمایەکی تەکنیکی و ئیستاتیکی بە دەق دەبەستێت، بەڵام یاکۆبسن لە دۆخە ئاساییەکانی دەقدا،جیاوازی لەنێوان (شیعرییەت) و(شاعیرییەت) دەکات، بەو مانایەی کە شاعیرییەت بریتییە لە جێبەجێ کردنی (ئەرکی شیعر) ، ( چونکە چەمکی شیعر ناجێگیرەو لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ڕۆژگاردا دەگۆڕێت ، بەڵام ئەرکی شیعر واتە شاعیرییەت – وەکو فۆرماڵیستەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە – ڕەگەزێکی تاکەو ناکرێت بە شێوەیەکی میکانیکی لەنێو ڕەگەزەکانی تردا جەم بکرێت ، بەڵکو دەبێت لێیان جیا بکرێتەوەو بێلایەنییەکەی بخرێتەڕوو. جاکوبسن، 19.

(یاکۆبسن) شاعیرییەت بە ( زانستی ئەدەب ) ئەبەستێتەوە ، بەڵام جەخت لەسەر ئەوە ئەکاتەوە کە زمان سەرجەم بنیاتی زمانەوەری پێک دەهێنێت ، بەوەی کە ئەرکی شیعر بەندە بە سیمۆلۆژیاوە ، بە بۆچوونی یاکۆبسن ، شیعرییەت بەشێکە لە زمانەوەری ، واتا لە دەستنیشان کردنی ئەرکی شیعردا ، دەبێت بایەخ بە سەرجەم ئەرکەکانی زمان بدرێت ، بەڵام ناشێَت شاعیرییەت لە چوارچێوەی ڕوخساری دەرەوەی شیعردا دەستنیشان بکرێت ، بەڵکو دەبێت بایەخ بە ناوەڕۆکی ناوەوەو شارراوەی هێماکانی زمانی دەق بدرێت ، زمانی شیعری لەلای یاکۆبسن لە زمانی ئاسایی یەک واتایی جیاوازترە ، چونکە زمانی شیعری ئەرکێکی تر دەگێڕێ و لە سنوری زمانی ئاسایی دەرئەچێت ، بەو مانایەی کە زمانی شیعری ماناو ڕاڤەی جۆراوجۆر هەڵدەگرێت ، کە لەمیانەی پەیامێکەوە massage مەبەستێک بە خوێنەر دەگەیەنێت ، جیاوازییەکەش لەم دایەگرامەی خوارەوەدا دەردەکەوێت: کوهین،112.

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

زمانی ئاسایی    ئاخاوتن   گەیاندنی مەبەست

زمانی شیعری    پەیـام     ئەرکی شیعر(شیعرییەت)

لەومیانەیەوە دەردەکەوێت کە دەبێت لە ( ئەرکی شیعری ) دا ، گرنگی بە (مەبەست و مانای جۆراوجۆر ) بدرێت ، کەواتە دەبێت دەقنوس چەند پەیوەندییەکی زمانەوانیی نوێ لە چوارچێوەی (زمانی شیعری ) دا دروست بکات ، لەو ڕوانگەیەوە یاکۆبسن ئاماژەی بە (تۆڵستۆی ) کردووەو گوتوویەتی:( تۆلستۆی زۆر بە توندی بۆماوە ئەدەبییەکانی ڕەت کردووەتەوە ، بەڵام ئەوەش ڕێگای لەوە نەگرت کە ببێت بە شاعیر ،جگەلەوەی کە چەند فۆرمێکی ئەدەبیی نوێی داهێنا) جاکوبسن ، 8

لەميانەی ليکۆڵينەوة لەسەرجەم شيعرةکانی رابەرانی بزافی نويکردنەوة شيعری کوردی نيوةی يەکەمی سەدةی بيستةم . ئةوةمان بؤ دةردةکةويت کة ئةو شاعيرانة لةرِووی بةرجةستة کردنی هةستی نةتةواييةتيةوة دةکرين بةدوو دةيستةوة:

**دةستةی يەکەم:** بەديديکی نەوتەوايەتی کوردانەوة دةيان روانية رووداوةکان. ئةوانةش شاعيرة نةتةوة خوازةکانی وةکو (قانع و ئةسيری و بيکةس) بوون . بؤ نمونة قانع (1898 – 1965)

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

**لەشیعریکی نەتەوایەتی شۆرشطیرانەدا ووتویەتی :**

**ئـــاخـــرین مـالی ذیـانـم کـونـجی بـەنـدی خـانەیة**

**ئەم کەلـەثـــضـــة مەرهەمـــی زامـــی دلـــی دیـــوانــەیــة**

**زۆر دەمـیـکـــــــــة ضـــاوەروانـــی زررەی زنجیـر ئەکـەم**

**سەیـری ئـەم زنـجیـرەکـەن ! وەک زیوەری شاهـانـەیـة**

**بوکی ئازادیم ئەوآ, خوینم خەنەس بۆ دەست و ثآی**

**حەلقة حەلقەی ثـیوەنم, بۆ ثـلـثـلــة و لــەرزانــەیــة**

**طــەرضـــی دوو ذمــن وائـەزانـآ مــن بەدیلـی لالأ ئـەبم**

**باش بزانآ کونـجـی زیـنـدانـم (قــوتــابـی خــانـة) یـة!!**

**بــیــری ئــازادیـــم لـــەذیــنــدانــة فــراوانــتــر ئــەبـــآ**

**قربەسەر ئەو دووذمـنـة هیـوای بــەبــەنـدی خــانــەیــة**  قانع:296

**دەستی دووەم :** ئەو دەستەیة لەمیانەی بیری کۆمەلآیەتی و جار جاریکیش بەبیری ئاینی ثابەندی خۆیان بەکیشة نەتەوایەتیەکانی کورد دەردەبرآ . بەلآم ئەوەش رویەکی تری بیری نەتەوایەتی ریالزمی بوو.

بيرى نةتةوايةتى لةلاى شاعيرانى  ئةو قؤناغة كيشةى سةرةكى ذيان و بونى مرؤظايةتى كوردبوو, كورد ثةروةرى و تايبةتمةنديتيى كؤمةلآيةتى بوو, شاعيرانى تازةطةرى كورد لةبازنةى سةنتراليي‌ةتى بيرةوة دةرضون و راستةوخؤ ضونة ناخى ثرؤسةى ذياريى  كؤمةلآيةتيى كوردةوة, ئةوو ثرؤسةيةى كة بة دريذايى ميذووى ثرخةباتى كورد, دةستكةوتيكى نةتةوايةتيى بةكورد بة خشى, لةو ميانةيةشةوة شاعيران توانيان ثارسةنطى نيوان هاوكيشةى كيشة نةتةوايي‌ةكان و شيوازى تةكنيكى شيعر رابطرنبةرادةيةك, كة ئةو بابةتة نةتةوايةتييانة بة ناوة رؤكيكى ثتةو و زمانيكى شاعيرانة بؤ خةلكى دةنوسرانةوة, بؤنموونة بيكةس (1905 – 1948) لةشيعريكدا بةبيريكى نةتةوايي‌ةتى تةكنيكيكى شيعرييةوة شةيداى خؤى بؤ نيشتمان دةردةبرآ و دةليت :

**ئةى وةتةن مةفتونى تؤم و شيوةتم بـيركـةوتـةوة**

**وةحتى بةندى يو, ئةسارةت ثآ بةتةو قو كؤتةوة**

**من لةزيكرو فيكرى تؤ غافلأ نةبـوم و واتآ نةطةى**

**حةثس و تآ هةلدانو و زيلةت تؤى لةبير بردؤتةوة**

**بـةو خودايةيى بآ شــةريك و لامـةكان و واحــيدة**

**عةشقى تؤ لـةنـةو عـآ لــةدلــمــا ئــاطـرى كـرتـؤتــةوة**

**ئــاطــريـكــى وا هــةزار ســالأ ئـاوى بـرذينـيـتـة سةر**

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

**قـــةد طرو طـــلـثـــةو و بليســـةى تائةبةد نـــةكـوذيتـــةوة**

**بازى مةحزوونى  و كةساسى خؤت نةكةى توخوا وةتةن**

**ضــونكــة بــةو باســة بــريــن و زامـــةكــةم ئــةكولــيتــةوة** بيكةس ، 70

هەر به و گیانه وه هاتووه ته مه یدانه وه و بووه ته ته واوکه رو درێژه پێده ری ڕێگاکه ی حاجی قادری کۆیی که هه میشه له گه ڵ نیشتمان ومیلله ت نزیک بووه ته وه وهێنده لای خۆشه ویسته بۆ نمونه، که دەڵێت:

**دایم له فیکرو زیکری خه یاڵاتی میلله تم**

**بۆیه وا کزو مه لوول و به سۆزو حه سره تم**

**هه رچه نده تووشی ته هلوکه بم له ڕێی وه ته ن**

**ده م ده م زیاد ئه بێ شه ره ف و شان و شه وکه تم**

جه باری ، 303-304

پاری دووەم:

قۆناغەکانی گۆڕانی زمانی گۆڕاوو پەیامی بەرجەستەیی:

**١ -قۆناغی فیکری و ده ستةبةر بوونی گوتاری شیعری:**

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

لەم قۆناغەدا، شاعیر (یان نوسەر) دەست دەکات بە پەیوەندیکردن بە خەیاڵ و هەستەکانی خۆی.

شیعرەکە ئەوە دەڵێت کە:

ژیان بەبێ یار یان خۆشەویست هیچ مانایەکی نییە (نەتەوایەتی = نەمانەوەی وایەتی)

خۆشەویستی ئەوەیە جیهان ڕوون بێت. دەنگ و ئاوات و ئارەزوو بە تۆوە (نیشتمان) گەورە دەبن.

**٢ -قۆناغی ئیمۆجی و دروستکردنی وێنە:**

لەم قۆناغەدا، شایعر بە وێناسازی و هیوا دەستی پێدەکات بە دروستکردنی ئەو پەیوەندیانەی کە تێیدا بێ تۆ (یار+ نیشتمان) هیچ شتێک وایەتی نییە.

نمونە:

دەنگی خەندە نابێ = ئەو نەبێت، خەندەش نەبێت.

ڕۆژ و شەو شەوق نابێ = بەبێ ئەو، ڕۆژ و شەو تەواو نییە.

٣ -قۆناغی ڕەنگدانەوە و سەلماندنی خود:

ئەو قۆناغەیەی شایعر فێر دەکات چۆن وایەتی بەسەر ڕوودەدات:

بە دووبارە کردنە وە ی هە ستی نە تە وایە تی.

بە لەگەڵدا گوتن: "هەر تۆی کەی، دڵم لەوێیە" یان "لە بێ تۆیدا، هەموو شتێک بێ مانایە."

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

شیعری كوردی ئەو قۆناغانە پابەندی ڕگەزو دیاردە كۆمەڵایەتی ونەتەوایەكان بوو لەئاستی ڕێخستنیشدا ڕەفتارە كۆمەڵاییەتیەكان بنەماكانی پێک دەهێنا یان بەڕاشكاوی تر دەتوانین جەخت لەسەر ئەوە بكەینەوە كەشیعری ئەو قۆناغە وەكو میكانیزمی ڕەفتارە كۆمەڵاییەتەیانی هاوتای پرۆسەی بەڕێو بردنی بیری كۆمەڵاییەتی و پابەند بوون بەكۆمەل بوون. خزندار، 133

بۆنمونە (قانع) باسی كورد دە كات وە كو یە كێک لە و گە لە ژێردە ستانە كە بە ئاواتی ڕزگاریی خۆی دە گات، بۆنمونە كە دەڵێت:

كوردە! وە رە بنوارە دە وای دە ردت لە كوێیە

هە ر پە یرەوی لینینە ، دە واو چاری نە خۆشین

نابی بە كە رو عە بدی هە موو بە گلە رو توججار

لۆرد نابێ بە باخات و گە دان ابێ بە پە رژین

ماڵ و سە رو ڕۆحم بە فیدای ئاگری سوورە

ئە و ئاگرە پڕ جۆشە ئێ هكا ڕەجمی شە یاتین

قانع: 10

بە توێژینە لەهەردەقێكی ئەدەبی پێویستە ڕەچاوی تایبەت مەندێتی و شیاریی كۆمەڵاییەتی و سەرجەم ئەدگارەكانی بكرێت. بەتایبەتی ئەو تایبەتمەندییەتیەی, كەوەكو چەشنێک لەچەشنەكانی

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

تەعبیری ئستاتیکی و ونەری هەڵقوڵاوی نێو ڕەوشی مێژووی وز کۆمەڵاییەتی فەزایەکی تەواو دروست دەکات. لەوڕوانگەیەوە سەرجەم ئەدگارەکانی دەقە شیعری ئەو قۆناغە لەوەدا دەردەکەوێت, کەدەهاویشتەو بەرهەمی بزافی مێژووی و واقیعی کۆمەلاییەتی بوو. کەواتا ئەدەبێک بوو, شێوەیەک لەشێوە کانی وشیاری کۆمەڵاییەتی بەرجەستە دەکرد. بەو ماناییەی ((پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئەدەبی و ئایدیۆلۆژی بەشێکە لەپرۆسەی کۆمەلاییەتی گشتی و لێی جیا نابێتەوە)). فیشر، 122

(( شیعری نیشتمانی کوردی له بیستەکان و چلەکانی سەدەی بیستەم دەنگدانەوەیەکی سیاسی وکۆمەڵایەتی مەزنی هەبوو . هەروەها توانی وشیاریی نەتەوایەتی لەلای چین و توێژەکانی کورد پتەوتر بکات )). خزندار ، ١٠١

پاری سێیەم:

جۆرەکانی ڕیکلام لە ئەدەبی کوردیدا:

ریکلام لە ئەدەبی کوردیدا (ڕیکلام لە ئەدەبی کوردیدا)، واتە بەکارهيَنانی ڕیکلام یان شێوەیةک لة شيَوةکانی ڕیکلام لە ناو ئەدەبیاتدا، بەتایبەتی ئەو شێوەیەی کە نووسەر یان شاعیر ڕیکلام یان فکری ڕیکلامی بە شێوەیەکی نەهۆشیار یان هۆشیار دەخاتە ناو ئەسەری ئەدەبی.

جۆرەکانی ڕیکلام لە ئەدەبی کوردیدا:

١.ڕیکلامی ڕاستەوخۆ:(Direct Advertisement)

زۆر کەم بەکاردەهێنرێت لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا، بەڵام لە نووسینە نوێیەکاندا هەیە. بەم شێوەیە: "بەکارهێنانی بەرهەمی فلان کۆمپانیا" یان "خواردنی بەشی فلان" بە شێوەیەکی ئاشکرا.

٢.ڕیکلامی ناوشیاری:(Subliminal Advertising)

لە رۆمان و چیرۆکدا، هەندێ جار نووسەر بە شێوەیەکی ناوشیارانە باسی براندێکی دیاری دەکات کە پەیوەندیدارە بە بەرهەمێکی بازاڕەوە . ئەمە زیاتر بۆ دروستکردنی چوارچێوەی ڕاستەقینەی ژیانی کەسییە.

٣.ڕیکلامی شیعری(Poemy Advertisement) :

هەندێ شاعیر بە شێعر باسی کاڵایەک یان هۆشیارییەکی کۆمەڵایەتی دەکات. ئەمە جۆری ڕیکلامی ئایدیەیی یان ئیشکراویە.

٤.ڕیکلامی ئایدیۆلۆژی:(Iedial Advertisement) :

لە زۆربەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی کوردیدا، بە تایبەتی ئەدەبی ڕەخنەیی، ئەم جۆرە ڕیکلامە بۆ هەست و باوەڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنرێت و کاریگەرییەکی زۆر هەیە.

ئە م جۆرە ڕێکلامە لە لە رۆمانەکانی بە لزاک و شیعری شاعیرانی نوێخوازی کورد دەبینرێت، هەروەها جۆرێکی ترە لە ڕیکلامی ناوشیاری یان ئایدیۆلۆژی ، بۆنمونە پێشبینی کردن بۆ

داهاتوی کوردستانێکی ئازاد ، یان دامەزراندنی دەولەتی کوردی ، لەلای حاجی قادرو ئەحمەدی خانی دەردەکەویت.

**٥.رێکلامی ڕۆژنامە طەری : (Jeornalism Advertisement) :**

جۆرێکی ترە لە ڕێکلامی وشیاریی کۆمەڵایەتی کە لە ڕۆژنامەو کۆفارەکاندا بلاَو دەکریتەوە ، بۆ نمونە ئەسیری گوتوویەتی:

**گە ل کە پێویستی نە کا خۆی، کە نە پۆشێ وە تە نی**

**ئە و گە لە نرخی نییە حە ققە ئە لێن پێی مە دە نی**

**چ ئومێدێکی سە عادە ت هە یە بۆ ئە و قە ومە**

**کە لە بێگانە بسێنێی جلک و خواردە مە نی**

**وە تە نی ئە و کە سە یە کاری خریدی خۆو کرد**

**هە ر کە مردیش بە وە سییە ت وە تە نێ بێ، کە فە نی**

موکریانی، 248

لەو شیعرەدا، وشەی "وەتەن" و "بێگانە"و "جلک و خواردەمەنی"هەموویان ناونیشانی براندە دیاریەکانن لە بازاڕی بانگاشە ی سیاسی.

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

ئه سیری به شێوەیەکی هونەری، ئەم ناوو ڕیکلامانەی خستووه ته ناو شیعرەکانییەوە، بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ باسی فرۆشتن و بازرگانی بکات.

### 6. ڕێکلامی ناوشیاری :(Subconscios Advertisement):

به شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕیکلام به شێوەی کۆنی ئەمرۆی بازرگانی نەبوو، چونکە شێوەی ژیان و کلتووری ئەدەبی کلاسیکی به جۆرێک بوو که هۆی تێچوونی بازارو کۆمپانیا و براند نەبوو. بەڵام به شێوەی ڕەواو کوردی ڕوودەچووانە، هەندێ بەرهەم هەیە که هەستێکی نزیک به ڕیکلام پێدەکرێ، به تایبەتی له شیعر و نیشتمانگه رایيه کاندا.

نمونەی ڕیکلامی ناوشیار له ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا کەمن ، زۆربەی شیعرەکانیش باسی شوێنێک دەکات ، فەقی تەیران لەهەندێک له شیعرەکەیدا شوێنێکی دیاری ڕیکلامێنت به شێوەیەکی میتافۆڕانه باس ده كات.

فەقی تەیران و زۆربه ی شاعیرانی کورد،بەشێوەیەکی ناوشیارانە دەست به ڕیکلامی شوێن و چاکسازی دەکه ن — ئەمە گرنگی پەیوەندیدارە به بەرزکردنەوەی نیشانەی نیشتمان و مانای پاکی و هه ستی نیشتمانئةروةری.

مەولەوی – بەشێک له شیعرەکانی دەربارەی "خانەقاکان و "خانەقای قادری":بوو

ئەمە بەرزکردنەوەی ڕوحانییە و ڕیکلامێکی مانایيه بۆ خانەقایەک. که بەشێوەیەکی ڕەوان و مانادار، نووسەر خانەقەکه دەکاتە ناو چوارچێوەی پیرۆز و پاکی.

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

نالی – بەرزکردنەوەی ناوی شاری سۆران و شاری مەهاباد لە شیعرەکانی:نالی بە شێوەیەکی ناوشیارانە ، ئەو دوو شارە بەرز دەکاتەوە لە چوارچێوەی وە سف و وشیاریی کولتووریدا، کە دەبێت ڕیکلامی شوێن بۆ کەسانی تر تێپەڕێ.

لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا، ڕیکلام بە شێوەی بازرگانی نەبوو، بەڵکو بە شێوەی بەرزکردنەوەی شوێن، ڕەوشت، پیر، چاکسازی، یان نەخشەی ڕامانی دەهاتە بەرهەم. ئەمە بڕوانە دەکرێ "ڕیکلامی فیکری یان مانایی" لە ڕووی ئەدەبییەوە.

**پاری چوارەم:**

**ئەسیری و دۆکیۆمێنتاریی مێژوویی:**

لە گێژاوی ئەو ڕووداوو کارەساتانەوە شاعیرێکی وەکو ئەسیریبە شیعرە نەتەوایەتییەکانی گیانی کوردایەتی و شۆڕشگێڕیی بەگەڕخستەوە . هەرچەندە (ئایدیۆلۆژیەتەکەی ئەسیری ) بۆ ڕزگاریی سەرجەم نەتەوەکانی دنیا بوو . بەڵام هەستی کوردایەتیش بەشێک بوو لەو خەباتە فیکرییەی.

ئەسیری (١٨٩٥-١٩٦٢) مرۆڤێکی شاعیر بوو، کە لەمیانەی ئامێتەکردنی هزری ناسیۆنالیستی لە ڕوانگەی مەعریفەی ئایینی بۆ یەکسانیی ماف وئەرک لە کۆمەڵگایەکی یۆتۆپیدا، وەکو سیاسەتمەدارێک چووبووە نێو جوغزی بوویەرە هەنووکەییەکانەوە . وێڕای ئەوەی بەهاکانی کلتوری شۆڕشگێری و یاخیبوونی لە سڕینەوەو کاڵکردنەوەی کوردی لە پرۆسەی

بەرِڤانی کردن لە بەهای ئەزمونی شیعریدا وەکو پرەنسیپێکی زاتی بەرجەستە دە کرد.

سەرجەم شیعرەکانی ئەسیری ، لە ڕووی بەرجەستەکردنی هزری نەتەوایەتییەوە دەکرێن بە دووبەشەوە:

بەشی یەکەم: بە دیدێکی مەعریفی ، لەڕووی ( مێژوو- فەلسەفە - ئایین – زانست)ەوە بیری نەتەوایەتیی بەرجەستە دەکرد.بۆ نمونە لە شیعرێکدا وتوویەتی:

**ئەو ڕۆژە کە حامورابی سەرەوژێر بوو لە دەستم**

**ناوی منە ئەو ڕۆژە قەیسی فەردی جیهان بووم**

**ئیلام و قەیس هەردوو برا بوون و لە ئاری**

**ئیلام بووە فارس و ئەمنیش گوردی ئەوان بووم**

**من بوومە سەبەب خاتیمەی دەوڵەتی ئاسوور**

**من مونجی دانیال نەبی ئیسرائیلیان بووم**

**بابیل بە قووەی لەشکری من بوو بە خەرابە**

**ئەستێرە پەرست بوون و منیش ئەهلی ئیمان بووم**

موکریانی،117

بـەشــی دووەم: ئەو شیعرە نەتەوایەتییە پەتییانەن،کە زۆرتر مەبەستی هاندانی زانست و خوێندەواری و وشیارکردنەوەی ئەقلییەتی کورد بووە. بۆ نمونە وتوویەتی:

**فەن و زانینت ئەسەل بەرزبوونەوەو سەرکەوتنە**

**گەل کە نادان بوو بەشی دیلی و پوولی و مردنە**

**ڕێگەکەی سەمتی قوتابخانەو دەبیرستانی گەل**

**ڕێگـــەیی ئـــازادییەو ڕێـــگا بە هیـــوا بردنە**

**چارەیی زانین و زانستی کە پێکبێ زوو بە زوو**

**هۆ جگەرخوێنین کوڵینی گەل لە زەڕ پڕ کردنە**

عەسکەری، ٥٦

بیری نەتەوایەتی لەلای ئەسیری کێشەی سەرەکیی ژیان و بوونی مرۆڤایەتیی کوردو دۆزی کوردپەروەری و تایبەتمەندێتیی کۆمەڵایەتی بوو . ئەسیری لە بازنەی سەنترالیزمییەتی بیرەوە دەرچوو ڕاستەوخۆ چووە نێو ناخی پرۆسەی ژیاریی کۆمەڵایەتیی کوردەوە . ئەو پرۆسەیەی ، کە بە درێژایی مێژووی پڕ خەباتی کورد  دەستکەوتێکی نەتەوایەتیی بە کورد بەخشیوە . لەومیانەیەشەوە ئەسیری توانی پارسەنگیی نێوان هاوکێشەی کێشە نەتەوایەتییەکان و ئایدیای ئاییینی شیعر ڕابگرێت . بەڕادەیەک  کە ئەو بابەتە نەتەوایەتییانەی بە ناوەڕۆکێکی پتەوو زمانێکی

شاعیرانەوە پیادە دەکرد. بۆ نموونە لە شیعرێکدا بە بیرێکی نەتەوایەتی و تەکنیکێکی شیعرییەوە شەیدایی خۆی بۆ نیشتمان دەردەبڕێ و دەڵێت:

**دایم لە فیکرو زیکری خەیاڵاتی میللەتم**

**بـــۆیە وا کزو مەلوول و بەسۆزو حەسرەتم**

**هەرچەندە کە تووشی تەهلوکەیی بم لەڕێی وەتەن**

**دەم دەم،زیاد ئــەبێ شەرەف وشـــان وعیزەتم**

**چارەی تۆ ئینتیباهێک وعیلم و مەعاریفە**

**چارەی منیش فیداتی بکەم نەقدو سەروەتم** (غالب،١٩٩٨ ،١٠٠)

گرنگترین کێشە لەلای شاعیرانی کورد ئەوەیە کە لە بۆتەی هەر ئایدیۆلۆژیایەکدا بووبن ، وەکو سیاسەتزانێک ڕەفتاریان لەگەڵ بیری نەتەوایەتیی کوردیدا کردووەو بە کێشەی سەرەکیی ڕۆژانەیان داناوە . بۆیە زۆرجار شاعیران لەسەر ئەو بیروباوەڕە تووشی گرتن و لێدان و لە وەزیفە دەرکردن ودەردەسەری بوون . لەو ڕێڕەوە نەتەوایەتیەشەوە ، کلتوری نەتەوایەتی ومێژووی خەباتی بێ ووچانی گەلی کوردیان

لە ویژدانی کۆمەڵ وسەرجەم چینی خوێندەوار وخەڵکە سادەکەدا زیندوودەکردەوە . لەپێناو

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

ئەوەی بیکەن بە بناغەی بنیاتنانی ئاییندەو پاشەڕۆژی کورد.

**بەشی دووەم:**

**پاری یەکەم:**

**ئەسیری: لەنێوان ئایدیای ئایینی و پان – ناسیۆنالیستیدا:**

ئەسیری سەرباری ئەوەی کە وەکو پیاوێکی ئایینی و خاوەن ئایدیۆلۆژییەتێکی ئیسلامی بوو ، زۆر بە واقیعبینانە ڕەفتاری لەگەڵ بوویەرەکانی ژیاندا دەکرد. بەڵام یەکێک بوو لەو شاعیرە شۆڕشێگڕانەی، کە هەر وورەبەرز بووەو گیانی خەباتی کوردایەتیی هانداوە،درێژەپێدانی خەباتی کوردو پێویستیی بەرەوپێشچوون لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانکارییەکان لە ڕووی سیاسی و ئەدەبییەوە ، وای لە ئەسیری دەخواست شێوازی شیعر نووسین لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بە وشیارییەکی مەعریفییەوە پیادە بکات . (( ئەو فاکتەرەش ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە سەپاندنی قۆناغێکی شیعریی نوێ ، کە بە قۆناغی (سۆسیۆ- ڕیالیزم ) دەناسرێتەوە . کە سەرەتاکانی بە بەرجەستەکردنی بیری نەتەوایەتی سەری هەڵدا . پاشان بە شیعری نیشتمانی و ئینجا سیاسی و پاشتر بە شۆڕشگێڕی بەردەوامی هەبوو)). کریم، 145.

بە تۆژینەوە لە هەر دەقێکی ئەدەبی پێویستە ڕەچاوی تایبەتمەندێتی وشیاریی کۆمەڵایەتی و سەرجەم ئەدگارەکانی بکرێت . بە تایبەتی ئەو تایبەتمەندێتییەی ، کەوەکو چەشنێک لە چەشنەکانی تەعبیری ئیستاتیکی و هونەریی هەڵقوڵاوی نێو ڕەوشی مێژوویی کۆمەڵایەتی، فەزایەکی تەواو دروست دەکات . لەو ڕوانگەیەوە سەرجەم ئەدگارەکانی دەقی شیعریی قۆناغی

چلەکان تا شەستەکانی سەدەی بیستەم ، دەرهاویشتەو بەرهەمی بزاڤی مێژوو واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەوسا بوو. کەواتە شیعرەکانی ئەسیری ، شێوەیەک لە شێوەکانی وشیاریی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی . بەو مانایەی (( پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئەدەبی وئایدیۆلۆژی بەشێکە لە پرۆسەی کۆمەڵایەتیی گشتی ولێی جیا نابێتەوە )). لوکاتش ،٢٣

وێڕای ئەوەی کە پەیوەندی لە نێوان وشیاریی کۆمەڵایەتی لە گەڵ داهێنانی تاکە کەسیدا ، بە تەنها لە ڕەسەنایەتی ناوەڕۆکی ئەدەبیدا دەرناکەوێت ، بەڵکو لە هاوتەبایی بوون و وێکچوون لە نێوان بنیاتی ئەدەبی و ستراکتۆرە زەینییە گشتییەکانی شاعیردادەردەکەوێت . هەر لەو ڕوانگەیەشەوە پەیوەندی لە نێوانشاعیرانی کوردی ئەو قۆناغەو ڕەوتی کۆمەڵی کوردەواری لە چالاکییەکی بەردەوامدا بوو . پرۆسەی ڕەخنەش بەبێ لە چاوگرتنی ئەو مەسەلەیە ناتەواوەو یەکسانی لە هاوکێشەی ئاستی هونەرو شیعردا پیادە ناکات . ئەو گوتارە شیعرییەی ئەسیری پێشکەش بە خوێنەری کردووە ، لە میانەی دەقەکانەوە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتیی بەجێ گەیاندووەو لە هەمان کاتیشدا بووە بە ڕەگەزێکی سوودمەند بۆ قۆناغێکی مێژوویی لە شیعری کوردیدا . دەقیش لەسەر هەڕەمێتی سێکوچکەی سۆسیۆلۆژیای شاعیرو ، ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتیی بەرهەم و ، کاریگەریی ئەدەب لە کۆمەڵ ڕادەوە ستێت . بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نییە، کە شاعیر تەنها کار لە کۆمەڵ دەکات . بە پێچەوانەشەوە پێی کاریگەر دەبێت . ئەدەبیش بە تەنها دارشتنەوەی ژیان نییە. بەڵکو هەر بۆ ژیان خۆیەتی. بەومەرجەی شیعری شاعیران ڕەنگدانەوەی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵ بێت

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

لەوڕوانگەیەوە ڕەخنەگران بە چاوێکی پۆزەتیڤییەوە دەڕواننە هاوکێشەی دووتای شاعیرو کۆمەڵ ، لە میانەی بەکارهێنانی پێوەرێکی سۆسیۆلۆژی کە (( شاعیر بە ژیانی دەوروبەری خۆی وژینگەی کۆمەڵایەتی ونەتەوایەتی کاریگەردەبێت.هەروا بەرهەمەکەشی لە هەمان ژینگەوە بەرهەم دێنێ )) ) تودوروف، 32.

**پاری دووەم:**

**ڕێکلام : وەکو ژێدەرێک بۆ بانگاشەی نەتەوایەتی:**

( ئەنتۆنی سمیس ) پێی وایە: (( ڕەگەزەکانی نەتەوە بۆ بەر لە مۆدێرنە دەگەڕێتەوە و نەتەوە بەر ئەنجامی گەشەی ئەو ئەتنییە بچووکانەیە، کە بەر لە دروستبوونی مۆدێرنە بوونیان هەبووە )) جاکوبسن، 23.

دیدی ( ئەندرسۆن ) بۆ نەتەوە جیاوازە پێی وایە :((بە بێ ئامادەیی مۆدێرنە دروستبوونی فەنتازیای نەتەوە خەیاڵە، چونکە مۆدێرنە کە دەوڵەتی نەتەوەیی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت)) تودوروف، 32.،

هیگڵ(( بۆ سەرهەڵدان و پەرەسەندنی هەر بیرۆکەیەک لە قۆناغێک لە قۆناغە مێژووییەکانی فەلسەفەدا باس لەوە دەکات ئەو بیرۆکەیە چۆن سەرەتا و لە ناو بیردا پەیدا دەبێت و دواتریش چۆن پەرە دەسێنێت و بەرەو ئەوە دەڕوا وەک بیرۆکەیەک لە ناو بیردا تەواو عەینی ببێت بەرەو کامڵبوونی خۆی بڕوات )) جاکوبسن، 33.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە جەدەلییەت یا دیالێکتیک کرۆکی تیۆرەکەیەتی لە بۆچوونەکانیدا, بۆیە ئێمە ڕوونتر دەتوانین بڵێین نەتەوە بەرهەمی بیری ئەڵمانییە بیرۆکەی نەتەوە لە دوای دیکارتەوە لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا بوونی پەیداکرد.

بەم چەشنە جەوهەری بیرۆکەی نەتەوە لە ناو بیرمەندانی ئەڵمانیەوە سەریهەڵداو هەر لە ناو ئەوانیشدا پەرەی سەندو تەشەنەی کرد بەو واتا و چەمکەی کە ئێستا لە خۆی دەگرێ.

بیرۆکەی نەتەوە لە ناو فەلسەفەی (کانت)دا جگە لەوەی کە لە شێوەی سستمێکدا خۆی ئاشکرا دەکات، ئەوەش ئاشکرا دەکات ئەو سستمە سستمێکی ئاکارییە و ئەو سستمە ئاکارییەش سستمی کۆمەڵگایە)) ناظم، 24.

هەر بیرێکی ناسیۆنالیزمی ڕوو وەرگێڕی بەهاکانی پێکەوە ژیان بێت ئەوا ستەمکاری و داگیرکاری دوو ڕووی دزێوی مرۆڤایەتی و لە کۆتا جاردا قۆناغی داگیرکاری و وێرانکاری دەبێتە سەرەتایەک بۆ بیری کوێرو بەرتەسکی شۆڤینیزمی، لە ڕاستیدا کۆلۆنیالیزم و کۆلۆنیالیست لە ڕەحم و هەناوی دەوڵەتی نەتەوەییدا لە دایک دەبێت، بەڵام نابێت دیدی ناسیۆنالیزمی ئاینی لە بیر بکەین، ئەگەر بە وردی لە دەوڵەتی نەتەوەیی ئاینی یا ڕووپۆشکراوی ئاینی بڕوانین کەلتوور لە گوتاری ناسیۆنالیزمدا ئامرازێکە بۆ داواکردنی شوناسی سیاسی جیاواز رە ئوف ، 288.

بەم چەشنە ئەوەی بوونی هەبێت زەینی بەرەو ئاکاری بوونەکەی پەلکێشی دەکات و فۆرمەلەکردنی ویستە شاراوەکان لە هزرو ئاکاری سیاسییدا خۆی حەشاردەدات.

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

ئەسیری لە زۆربەی شیعرەکانیدا ناسنامەی نەتەوایەتیی کوردی لە چوارچێوەی ئەقلییەتێکی مەعریفیدا کردووە بە سەرچاوەیەک بۆ سەلماندنی خودی کورد ، وەکو خاوەن مێژوویەکی دێرین ، لەو پرۆسەیەشدا کەلەپورو بۆماوەی نەتەوایەتی و بەشێک لە مێژووشی کردووە بە بنەما بۆ بە دۆکیۆمێنت کردنی بۆچوونەکانی ، نالێم ئەسیری مێژوونووس بووە ، بەڵام مێژووی کردووە بە بەشێک لە سەرچاوەی ناوەڕۆک و پێکهاتەی شیعرەکانی ، لەگەڵ ئەوەشدا بە ناوهێنانی سەرچاوەی سروشت و شوێنە گشتییەکان و هاوینەهەوارەکانی کوردستان ، ویستوویەتی سەرنجی گەشتیاران و خەڵکی بۆ گەشتی کوردستان ڕابکێشێت ، لەڕوویەکی ترەوە ، مەبەستی بووە کە شانازی بە خاک و زێدی کوردستانەوە بکات و ڕیکلامێکی بازرگانیشی بۆ ئەو شوێنانە کردووە ، بۆنمونە لە شیعرێکدا گوتویەتی:

**بێرە کوردستان عەزیزم ، گەر تۆ سەیرانت دەوێ**

**بتبەمە قەندیل ، ئەگەر گوڵزاری کوێستانت دەوێ**

**سەیری ئەو خێڵاتەکە ، نشتووتە دامێنی چیا**

**با بچینە ماڵە گەورە ، قەوم و خزمانت دەوێ**

**دەتبەمە سەر پیرەمەگروون و کاژاو و شەرا**

**بێ ڕەسەد سەیری مەهو بورجیس و کەیوانت دەوێ**

**بتبەمە پای تاقی لای سەرپێڵ و سەرمێڵ و کرند**

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

**پێت نیشاندەم چەن هەزار ئاساری ئاسانت دەوێ**

**ئاوی روونی ڕەوشەنی چەشمانی دامێنی چیا**

**لێی بنۆشە دەم بە دەم گەر ئاوی حەیوانت دەوێ**، موکریانی،278

**پاری سێیەم:**

**ئەسیری : ڕیکلام بۆ ناسنامەی ژن و سەلماندنی مێینە:**

لێک دابڕینی دەقی شیعری لە واقیعی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکە، کە حەتمییەتی ئەرکی شیعر- وەکو ڕۆڵێکی کاریگەر لە ڕەوتی گۆرانکارییەکانی کۆمەڵ – دەخاتە گومانەوە ، چونکە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی پێویست بەسێ لایەنی تەواوکەر دەکات (دانەر/دەق/خوێنەر) یان بە شێوەیەکی ڕاستتر دەووترێت، سێ لانەی (داهێنەر/بەرهەم/جەماوەر) کە چوارچێوەی پرۆسەکە دەستنیشان دەکەن. بۆیە ئەدەب دەورێکی سەرەکی بە شاعیری داهێنەر دەبەخشێت لە خستنەڕووی کێشە دەروونی و ئاکاری و فەلسەفییەکانی کۆمەڵ، لەمیانەی تەکنیکێکی زمانەوانی و ئیستاتیکیدا . بەڵام دۆگماتیکێتی (کۆمەڵ-جەماوەر) زۆر جار ((چەند کێشەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئابووریش دەخاتە پێش پرۆسەی ئەدەب . هەر ئەو هۆیەشە کە بە درێژایی مێژووی ئەدەب (دەق/بەرهەم) بۆ لێکۆڵینەوە لە مرۆڤ وەکو تاکێک تەرخان کراوەو ژینگەی کۆمەڵایەتی بە جۆرێک لە دیوی دووەمی ڕازاوەی مرۆڤ بە ئەرکی مێژوونووسان دادەنرا . هەتا ئێستاش دیدێکی کۆمەڵایەتیی ڕاستەقینە بۆ چاکترین دەسکەوتە ئەدەبییەکان نییە ، بەوەی کە

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

دەبێت ڕەخنەگران مەودایەکی سۆسیۆلۆژییان بۆ شیکردنەوەی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی هەبێت)).
کریم،158

کە (شاعیر/نووسەر) بیرێکی نوێ سەبارەت بە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەخاتە پێشچاوی (خوێنەر/پەیام وەرگر) . واتە پرۆسەی (پێدان و وەرگرتن) بەپێی بیروڕای(یاکۆپسن) لە کرداری گەیاندنی هەر بیرێکدا – ئەگەر لەبواری دەقێکی کۆمەڵایەتیشدا بەرجەستە بکرێت.دەبێت ڕەوتی ڕاستەوخۆی خۆی وەربگرێت.

مێژووی چەکەرەکردنی هزری کۆمەڵایەتی لەشیعری کوردیدا، لەگەڵ سەرهەڵدانی مێژووەوە ڕێبازێکی چەند لایەنی گرتوەتەبەر ، کە لەگەڵ هاتنی ئایینی ئیسلامەوە هەتا ئێستا بابەتەکانی (ئافرەت ، ئایین ، هەژاری ، دواکەوتن ) دەگرێتەوەو بووە بە تەوەری سەرەکیی دەقی شیعری کوردی کۆن و نوێ . بەرهەمە ئەدەبییەکانیشی تایبەتن بە کێشەی ململانێی فیکری و ئایدیۆلۆژیی کۆمەڵگای کوردەوارییەوە . غالب، 98

بۆ نمونە لە(بابا تاهیری هەمەدانی ٩٣٥–١٠٢٧)وە هەتا دەرکەوتنی قوتابخانەی بۆتان و بابان و کۆتایی پێهاتنی هەردوو جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەمیش ، کێشەکان هەر لە سنووری دەقی کۆمەڵایەتی نەدەچوونە دەرەوە ، هەرچەندە جیاوازییەکی چینایەتیی ئاشکراش لەنێو سنووری کۆمەڵگای کوردەواریدا بەرجەستە بووەو کێشەیەکی زۆری مێژوویی و ئایدیۆلۆژیی خوڵقاندوە.

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

ئافرەت لەلای ئەسیری وەکو نمونە ، یەکێکە لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان کە هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆبەردەوامەو یەکەم زانینی نرخی مرۆڤی ئافرەت وەکو بوونەوەرێکی هۆشمەند بەر جەستە دەبێت. بە تایبەتی ئافرەتی کورد، ((چونکەئافرەتی کورد هەتا ئێستا زانیاریی تەواو دەربارەی خۆی نازانێت و نەزانینەکەشی سەبارەت بەبەهای کۆمەلایەتیی دیوی دووەمی کۆمەڵە، کە ئافرەتی وا لێ کردووە ئەرکی سەرشانی خۆی و مافی ئافرەتی(دایک-خوشک-ژن)دەستەبەر نەکات . هۆیەکەشی ئەوەیە کە هێشتا ئامێتەی کۆمەڵگایەکی شارستانی و پێشکەوتووی ئایدیۆلۆژی نەبووە .کەواتە نەبوونی کۆمەڵگایەک کە لە هەموو ڕووەکانی ژیانەوە بتوانێت سووکترین مافی کەسانێک بپارێزێت ،کە بناغەی هەموو کۆمەڵگاکانی لە سەر بنیات نراوە)) کریم, 187.

ئەوەش گەورەترین کیشە بۆ قەوارەی هەموو چالاکییە مرۆڤایەتییەکان دروست دەکات .هەر زوو شاعیرانی کوردیش درکیان بەو کێشەیە کردووەو شیعرەکانیان کردووە بە هۆکارێک بۆ دەرخستنی ڕووی خەفەکراوی ڕەگوڕیشەی کێشەکان . ڕەنگە لایەنێکی ڕاشکاوی ئەو گرنگی پێدانە لە ڕووی سۆسیۆلۆژیەوە ، ئەوە بێت کە شاعیران هەستیان بەوە کردووە کۆمەڵگای کوردی نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی ، بوار بە ئافرەت بدات وەکو ڕەگەزێکی کاریگەر لە کۆمەڵدا دەوری خۆی ببینێ . بەڵام شاعیرانی کورد بڕوایان بەوە هەبوو کە دەبێت شیعر بۆ ئامانجی ووشیارکردنەوەی مرۆڤ و دەستەبەرکردنی مافی ئافرەت بنووسرێتەوە،(( لەلایەکی ترەوە ئافرەتی کورد بەتایبەتی ئافرەتی کەرکوکی لە ماوەی پاش گۆڕانکارییەکانی نێو کۆمەڵگای

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

کوردیووردە ووردە دەهاتە ناو کایەی ڕۆشنبیری و زانست، وێڕای ئەوەی کە لە چالاکییەکانی نێوەندە ڕۆشنبیری و قوتابخانەکاندا دەست کردبوو بە چالاکیی ڕۆشنبیری و گوتاردان و بەرزکردنەوەی ورە ی جەماوەری. )) دل َشاد ، شیماء، 245.

((ئەسیری یەکێکە لەو شاعیرانەی کە شیعرەکانی پابەندی گۆڕانکارییەکانی سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵگای جیهانی و کوردەواری بوو . هەروەها لە پێناو دەستنیشان کردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و چارەسەر کردنیان هەوڵی دەدا.چونکە پەنجە نەخستنە سەر نەخوێندەواری و نەزانی و دواکەوتوویی پەردە لە سەر خودی ئافرەتێک هەڵدەداتەوە ، کە وەکو گیانێکی مردوو لە پەراوێزی ژیاندا دەژی و ناتوانێت ڕۆڵی ڕاستەوخۆ ببینێ لە گۆڕین و پێشکەوتنی کۆمەڵداو وەکو دایکێکیش لە بواری پەروەردەکردن و پێگەیاندن نەوەی دوارۆژدا بە ئەرکی دایکایەتی و نەتەوایەتیی خۆی ڕابێت))ئەسیری، 198 .

بۆ ئەو مەبەستەش گوتویەتی:

**ژنانی کوردی ئێمە زۆر بە کارن**

**لە ڕۆژی جەنگ و هاوارا سوارن**

**لە کارو کردەیی خانوویی خۆیان**

**سوبوک دەستن لەگەڵ پیاوانا یارن**

**لە هۆنین و چنینا گشتی وەستا**

**له دوورین و بڕینیشدا سەلارن**

**لەلایێ تەون و ئەکەن ، لاکێش ئەکەن** موکریانی، ١٤١

**تا دەگاتە ئەوەی کە دەڵێت:**

**لە کوردستان نەمێنێ پیاو ( ئەسیری)**

**لە پێکهێنانی کاری ، ژن بە کارن**

موکریانی ، ١٤١.

لەم دەقە شیعرییەدا ژن هێمایەکە بۆ ئافرەتی کورد، کە گیرۆدەی چەند کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بووەو هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ دوو تەوەری سەرەکی:

یەکەمیان: ئەو دابونەریتە کۆمەڵایەتییەی – کەبەبیانووی ئایینەوە- والە کۆمەڵگای کوردی دەکات ، دەستبەرداری مافی ئافرەت بێ و سەرباری ئەوەش مافی زانست و خۆ ژیانی وەکو دیوێکی گرنگی کۆمەڵ لێ زەوت بکات.

دووەمیان: کە فاکتەرێکی گرنگە لە ڕەوتی جڤاکی و ووشیاریی ئافرەت و کۆمەڵدا ، ئەویش ئەوەیە کە ئافرەتی کەورد – سەرباری ئەو سەربەستییەی کە لە چاو میللەتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتیدا بە دەستی هێناوە - خۆی ملکەچی ئەو بەندی و زوڵمەیەو کەسایەتیی خۆی لە دەست داوە.

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

(کۆمەڵ – ژن) پێکەوەوە بەشدارن لە بنیاتنانی کۆمەڵدا . جوغزی ئەو گوتارەش بێ پێچوپەنا ، نیشانەی سەلماندنی خودی ژنە وەکو بوونەوەرێکی کاریگەر . سیستەمی

( باڵا دەستی هەر بۆ پیاوە) بە لاوە دەنێ و پاڵپشتی ئایین لە سەر بنەمای (للرجال نیيب مما اكتسبوا وللنساو نیيب مما اكتسبن)ە دەستەبەر دەکات. بۆیە شاعیرانی کوردیش لە کێشەی تاکەوە بۆ گشت و لە خێزانەوە بۆ کۆمەڵ دەرچوون و شیعریان کرد بە پرۆسەیەکی ڕاژەکاری. واتا دەبینین کە ئەگەر ژن لە لای جزیریو نالی و سالم و کوردی ...هتد ڕەمزی ئەڤینداری و بۆهەیی و سۆفیگەری بێت بۆ گەیشتن بە عەشقێکی حەقیقی لە ڕێگای عەشقی مەجازییەوە . ئەوا لەلای شاعیرانی نوێ ، ئافرەت سیمبوڵی قوربانی و نەتەوەو دایک و گردکۆی خێزان و کۆمەڵە . بۆیە حەتمییەتی گۆڕان پێویستیی بە هاندەرێک هەیە کە ئەدەب بە گشتی و شیعر بە تایبەتی کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبێت.

چونکە ((سروشتی دیاردەی ئەدەبی ئەوەی بەسەردا ئەسەپێنێ کە هەبوونێکی تایبەتی هەبێت ، چونکە دیاردەکە بریتییە لە گردکۆی تۆڕێک لە پەیوەندییە زۆر ئاڵۆزەکان کە مەبەستی خودی و بابەتی و تاکەکەسی داهێنەرو جەماوەرو پەیاموەرگرو ئاستەکانی ووشیاریو کەشوهەوای جڤاکی و ڕەهەندی مێژوویی دەگرێتەوە.ئەوانەش سەرجەم ڕەگەزە گۆڕاوەکانن ، کە بە پێی کاریگەرییان لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی دی دەگۆڕێن )).

لوکاتش، 10

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

بۆ ئەو مەبەستەش شیعرە کۆمەڵایەتییەکانی ئەسیری حاڵەتێکی گشتین لە ئاستەکانی ووشیارکردنەوەو بەستراویشن بە خودی داهێنەرانەی تاکەکەسیی شاعیرەوە.

**ئەنجام**

شیعری کوردی بەهایەکی مرۆڤایەتی – نەتەوایەتی هەبووە . هەندێک لە ڕەخنەگران بە چاوی زانستی سۆسیۆلۆژییەوە دەڕواننە سەرجەم ڕەوتی مێژوو فاکتەرەکانی ژینگە ، بەوەی  کە ژینگە سەرچاوەی هەموو بەرهەمێکی شیعرییە . هەندێکی  تر هەوڵی ئەوە دەدەن، کە هەر چالاکییەکی مرۆڤایەتی بۆ بەهرەی تاکەکەسی بگەڕێننەوە . کەچی دەستەیەکی تر ، شیعر بە بەرهەمی داهێنانی شاعیر خۆی دادەنێن ، کە لەمیانەی  سەردەم و ڕەوشی ژیانی شاعیرو حاڵەتی دەروونییەوە دەق بەرهەم دێنێ . وێڕای ئەوەی کە فاکتەرەکانی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی کار لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی دەکەن

ئەسیری( ١٨٩٥– ١٩٦٢)یەکێکە لەو شاعیرە کوردانەی کە بە گیانێکی کۆمەڵایەتی و ئەقلییەتێکی مەعریفیی نەتەوایەتییەوە قۆناغێکی تری لە قۆناغەکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی بەرجەستە کرد.وێڕای ئەوەی وەکو خاوەن پەیامێکی ئایینی و نەتەوایەتی بووە و ئایدیۆلۆژییە ئایینییەکەی نەبووە بە ڕێگر لەبەردەم خۆشەویستیی بۆ نیشتمان و نەتەوە پەرستیدا.

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الارتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

## الملخص

الدعاية الشعرية هي تعبير عن رأي الشاعر أو فعل يقوم بإعداده بصورة متعمدة وواعية، بقصد التأثير على آراء وأفعال أفراد أو مجموعات أخرى لأغراض وأهداف تم تحديدها مسبقاً).

الدعاية الشعرية فيعني ترويج فكرة سياسية أو اجتماعية أو عقائدية أو حرب نفسية أو غيرها بهدف أقناع الجمهور المستقبل للوقوف بجانب المرسل للدعاية. ولم تكن الدعاية والإعلان وليدة اليوم أو تزامنت مع ظهور وسائل الإعلام الحديثة بل هي قديمة قدم الإنسان على وجه الأرض،

. ويبدو إن الدعاية عند الشعراء الكورد كانت أقدم من الإعلان بسبب المعارك والحروب والنزاعات التي تحدث من خلال ظلم واستبداد السلطات الحاكمة للدول التي كان الكورد ضمن جغرافيتها والتي كانت سائدة في المجتمع الكوردي آنذاك، وبالتالي يحتاج الشعراء الى الإعلاء من شأن وطنهم وبث الخوف والرعب في نفوس الآخرين، فالبعض يحاول أن يحطّ من قدر الخصوم، ويضع نفسه وقومه بالمنزلة الرفيعة والمكانة الجليلة، ويبرز كل ما من شأنه أن يهابه الناس كالكثرة والشجاعة والفروسية وغيرها، ومنهم الشاعر اسيري.

ومن خلال تلك الاشعار أدرك اسيري ما للدعاية الشعرية من أهمية للترويج لكل ما يمكن ترويجه. و تُعَدُّ البعض من ابيات اسيري أبيات إعلانية للترويج لجمال الوطن الآخاذ ، بعد أنُ سلط اسيري الضوء عن الدعاية والإعلان وبداية نشوئهما في الأدب الكوردي التي أولاهما الناس مكانة خاصة بعد أن أدركوا الأهمية التي تحضى بها تلك الرسائل الاتصالية.

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الارتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

**Abstract**

Summary of poetic propaganda is an expression of the poet's opinion or an act that he deliberately and consciously prepared, with the intention of influencing the opinions and actions of individuals or other groups for pre –identified purposes and goals). Poetic propaganda means the promotion of a political, social, ideological idea, psychological warfare, or others with the aim of persuading the future audience to stand beside the sender of propaganda. Advertising and advertising were not the result of today or coincided with the emergence of modern media, but rather it is old as the feet of man on the face of the earth. It seems that the propaganda of the Kurdish poets was older than the declaration due to the battles, wars and conflicts that occur through the injustice and tyranny of the ruling authorities of the countries that were the Kurds within their geography and that were prevalent in the Kurdish society at the time, and therefore the poets need to uphold their country and spread fear and terror in the hearts of others, some try to degrade the amount of opponents, and put themselves and its people with the high status and status, And it highlights everything that people will fear, such as many, courageous, equestrian, etc., including the poet Asiri. Through these notifications, Asiri realized the importance of poetic propaganda to promote everything that can be promoted. And some of the Airi verses are advertising verses to promote the beauty of the country, after the Aseri shed light on propaganda and advertising and the beginning of their emergence in Kurdish

literature, which people give them a special place after they realized the importance .that these communication messages are imposed

سەرچاوە:

(أ) به زمانی کوردی:

1- د.ئازادعبدالواحدكريم،سؤسيلؤجياى شيعرى كوردىه لة روانكةى ثيوةرة ئايينى وئاكارييةكانةوة، ضاثى يةكةم، كةركوك، 2008.

2- ئەسیری ، مستەفا عەسکەری(٢٠٠٠)، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی بابان،.

3- دیوانی ئەسیری، ئامادەکردن و پێشەکی: د.کوردستان موکریانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر:٢٠٠٦.

4- دیوانی قانع، ، 1384 ، کۆکردنه وه ی: بورهان قانع – تهران ،کتابخانه ملی ایران)

5- غالب، ئۆرخانی(١٩٩٨) ، نەمریی له ئەدەبدا، ئاوێنەی ژیان وبەرهەمی کۆمەڵێک شاعیر، سوێد،

6- جه باری ،که ساس (2008) ، دةزطاو ثة خشى ده زطاى سه رده م ، سليمانى.

7- ره ئوف عه لی، د.لقمان، ، محه مه دعلي ،سامان، (2016)، وشه ی فه رهه نكى له شيعره كانى شيركؤ بيكه سدا، مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية ، 11(3).

**(ب)به زمانی عه‌ره‌بی:**

1- تزفيتان تودوروف ، (1990) ،الشعرية،ت:شكري المبخوت ورجاء سلامة،ط (3)، دا توبقال للنشر،المغرب- الدارالبيضاء .

2- جان كوهين (1995)، اللغة العليا – النظرية الشعرية - ، ت: احمد درويش،المجلس الاعلى للثقافة ، القاهرة.

3- حسن ناظم،(1994) ، مفاهيم الشعريية ،دراسة مقارنة في ألاصول والمنهج والمفاهيم ،ط(1)،بيروت، المركزالثقافي العربي،

4- رومان جاكوبسن،(1988) قضايا الشعرية، ت:محمد المولى و مبارك حنون .

فيشر، ارنست (١٩٧٣) ، الاشتراكيه والفن ، ترجمه: اسعد حليم ، دار القلم ، بيروت .

5-صفاء التميمي ، الاشهار في الادب ، 1982.

6-شيماء حسن رشيد، د.دلشاد عمر عبدالعزيز ،(2025) مجلة جامعة كركوك للعلوم الانسانية، 20:1 .

7- لوكاتش ،جورج(١٩٧٢) ، دراسات فى الواقعيه ، ت : نايف بلوز ، الگبعه الپانيه ، دار الطليعه ، دمشق.

8- د. معروف خزندار ( ١٩٩٣) ، موجز تاريخ الادب الكردى المعاصر ، ت : د. عبدالمجيد شيخو

9- د. محمد مفتاح ، تحليل الخطاب الشعري – استراتيجية التناص ، دار التنوير ، بيروت 1985.